# خوای گەورە بەهۆی ئەو کردەوەیە بەهەشتی بۆی مسۆگەر کرد، یان بەهۆی ئەو کردەوەیە لە دۆزەخ ڕزگاری کرد

لە عائیشەوە دایکی ئیمانداران-ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «ئافرەتێکی هەژار هات بۆ لام کە دوو کچی خۆی لە باوەشدا بوو، منیش سێ خورمام پێی بەخشی، یەک خورمای دا بە هەریەکێکیان وسێیەم خورمای بەرز کردەوە بۆ دەمی بۆئەوەی بیخوات، بەڵام کچەکانی داوای خورماکەی ئەویشیان کرد؛ بۆیە (ئافرەتەکە) ئەو خورمایەی کە دەیویست بیخوات لە نێوانیان کردی بە دوو لەتەوە، ئەم کردەوەیەی تووشی سەرسوڕمانی کردم، بۆیە باسی کردەوەی ئەو ئافرەتەم کرد بۆ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-، ئەویش فەرمووی: «خوای گەورە بەهۆی ئەو کردەوەیە بەهەشتی بۆی مسۆگەر کرد، یان بەهۆی ئەو کردەوەیە لە دۆزەخ ڕزگاری کرد».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە)]

عائیشە دایکی ئیمانداران -ڕەزای خوای لێبێت- بۆمان دەگێڕێتەوە کە ئافرەتێکی هەژار هات بۆ لای ودوو کچی لە باوەشدا بوو، ئەویش (عائیشە) سێ خورمای پێ بەخشی، ئافرەتەکە دوو خورمای دا بە منداڵەکانی، وسێیەم خورمای بەرز کردەوە بۆ دەمی بۆئەوەی بیخوات، بەڵام کچەکانی داوای ئەو خورمایەیشیان کرد کە دەیویست بیخوات، بۆیە ئافرەتەکە خورماکەی کرد بە دوو لەتەوە ودابەشی کرد بەسەریاندا، کردەوەی ئافرەتەکە عائیشەی تووشی سەرسوڕمان کرد، بۆیە باسیکرد بۆ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، ئەویش فەرمووی: خوای گەورە بەهۆی ئەو کارەیەوە بەهەشتی بۆ مسۆگەر کرد، یان بەهۆی ئەو کارەیەوە لە دۆزەخ ڕزگاری کرد.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3133